المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص ١٤٢-١٦٤
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# رادەی پشت بەستنی ڕۆژنامەنوسان بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەك سەرچاوەی زانیاری توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە

م.بەناز حمەڕەشید حسن
بەشی ڕاگەیاندن – زانکۆی سلێمانی-عێراق

م.ی عادل حمەعارف مؤمن
بەشی ڕاگەیاندن – زانکۆی سلێمانی-عێراق
adil.muemen@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕادەی پشتبەستنی ڕۆژنامەنوسانە بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەك سەرچاوەی زانیاری )، کە توێژەران کاریان لەسەر کردوە، توێژینەوەکە خۆی لەکێشەو ئامانج و بایەخ و سنوری توێژینەوەو مشتە کەخۆی لە (95) ڕۆژنامەنوسی شاری سلێمانی دا دەبینێتەوە، هەروەها لە لایەنی مەیدانیش پێك دێت و بەشی مەیدانیش خۆی لەچەندین خشتەدا دەبینێتەوەودواتر چەند دەرئەنجامێك خراوەتە ڕوو، وەدواتریش بەرسپاردەو پێشنیار چەند خاڵێك خراوەتە ڕوو، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بۆمەبەستی ئەوەیە بزانرێت تاچەند ڕۆژنامەنوسان پشت بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەبەستن وەك سەرچاوەی زانیاری و زیاتر کام تۆڕەکۆمەلایەتیە بەکاردێنن؟ وە ئەوسودانەی کەلە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی وەردەگرن بۆ کارەکەیان چیە؟وە کاریگەرییە مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتارییەکان چین؟بۆیە لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا هەردوو توێژەران گەیشتنە چەند ئەنجامێك، وەك: زۆرترین ڕێژەی بەشداربوانی ڕۆژنامەنوسان وەك مشتەی توێژینەوە دەرچوی بەکالۆریۆسن و بڕوانامەی باڵا کەمە لەوبوارەدا ، لەوڕێژەیەی مشتی توێژینەوە هەموی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنن زۆرترینیان تۆڕی کۆمەڵایەتی فیسبوکە، زۆرترین سودەکانی تۆڕەکۆمەلایەتیەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری یە بەگشتی ، زۆرترین بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان وەکو سەرچاوە ئاستی ناوەندە، هۆکاری موتابەعەکردنی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان ئەوەیە بەئاسانی پێی دەگەن، هۆکاری ڕاستگۆنەبون لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵ ئەوەیە کە بەناڕاستی بلاودەکەنەوە، هۆکاری موتابەعەنەکردنی زانیاری و هەواڵ لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئەوەیە بەدواداچون کەمە، زۆرترین بەکارهێنانی ڕۆژنامەنوسان بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆ بوارەکەو کاروپیشەکەیانە، ڕادەی متمانەبون بە ناوەرۆکەکەی ئاستی ناوەندە

## الخلاصة

هذا البحث الموسوم (مدى إعتماد الصحفيين على شبكات التواصل الإجتماعي كمصادر للمعلومات) الذي عملت عليها الباحثين، تضمن مشاكل و أهداف و أهمية وحدود البحث والتي تشكلت من أخذ النماذج من ٩٥ صحفيين و صحفيات في مدينة السليمانية، كذلك تم مسح ميداني والذي تم التعبير عنه على شكل جداول، ثم الخروج بإعطاء بعض النقاط من الإستنتاجات والتوصيات والمقترحات. يهدف هذا البحث معرفة مدى إعتماد الصحفيين على شبكات التواصل الإجتماعي كمصادر للمعلومات، و ما هي الشبكة الإجتماعية الأكثر استخداما؟ ماهي الفوائد المرجوة من هذه الشبكات لممارسة الصحافة؟ ماهي التأثيرات المعرفية والوجدانية والسلوكية؟ وفي النهاية تم وصول الباحثين الى النتائج الآتية: اكبر نسبة من الصحفيين الذين كانوا خريجي بكالوريوس والتي لم يتجاوز 70.52% حيث وجد بان الصحفيين ذوي الشهادات العليا قليلة جدا. وأظهر من خلال البحث ايضا ان اكثر شبكة مستخدمة من قبل الصحفيين للحصول على المعلومات الصحفية هي شبكة الفيس بوك والتي كانت 27.71%، وان اكثر نسبة الفائدة من هذه الشبكة للصحفيين هي الحصول على المعلومات بصورة عامة والتي كانت 46.34%. و وجد ايضا بأن اعلى نسبة لأستخدام هذه الشبكات من قبل الصحفيين كانت فقط 50.52% وهي نسبة متوسطة. وتبين ايضا بان سبب متابعة الصحفيين لهذه الشبكات هي سهولة الوصول اليها والتي كانت نسبتها 46.80%، وسبب عدم وجود المصداقية لدى هذه الشبكات هو نشر المعلومات غير الموثوقة بها بنسبة 31.25%، واظهر بان سبب قلة استخدام هذه الشبكات هو عدم وجود الرقابة والمتابعة لهذه المصادر من قبل الجهات المعنية والتي كانت نسبتها 20.68%، واكبر نسبة لأستخدام هذه الشبكات من قبل الصحفيين للوصول الى معلومات العمل الصحفي هي 22.22%، واخيرا تبين بأن مدى الثقة بمحتويات شبكات التواصل الاجتماعي متوسطة بنسبة 71.57%.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


## Abstract

This research, titled as The Extent of Journalists' Reliability on Social Networking Websites as Information Source, includes the problems, objectives, significance and restrictions of researches and samples. The research sample is ٩٥ journalists in Sulaimaniah city. The research also includes practical part, which is comprised of many tables. Following that, some results have been shown. Subsequently, recommendations, suggestions and some points have been disclosed. A question of this research is to realize that to what extent journalists rely on the social networking websites as the source of information and which social networking website they utilize the most. Another purpose is that the researchers intend to find out what benefits journalists get from the social networking websites for their career. It is also an attempt to investigate what the academic, conscience-related and ethical impacts are. Therefore, subsequent to conducting the research both researchers reached several consequences such as, most of participants as journalists for research samples are B.A graduates, and there is a shortage of higher education certificate holders for that. All participants of a research sample use social networking websites, and most of them use Facebook. Most of the social websites benefits are generally to get information. The high usage of the social networking websites as the source of information is moderate. The factor behind sticking to the social networking websites is that they can reach them easily. Publishing false information lies behind dishonesty in publishing information and news. People do not search for information and news in the social networking websites because there is not enough follow-up. The high range of journalists' social website use is due to their area and career rather than other purposes. The extent of trusting the content of the social networking websites topics is moderate.


## پێشەکی

زانیاری ئەو کەرەسە خاوەی کە رۆژنامەنوسان بەدوایدا دەگەڕێن وهەوڵی بۆ دەدەن تابەدەستی بێنن، دواتریش لەڕێی یەکێك لە ژانەرە ڕۆژنامەوانیەکانەوە بۆ خوێنەرەکانی دەخەنە ڕوو، بێگومان ئەمەش دوای هەوڵێکی زۆرو هیلاکبونێکی زۆر، لەڕێی ئەم کارەوە کە پێی دەوترێن ڕۆژنامەوانی، بێگومان ئامرازەکانی گەیاندن بە پێی تێپەڕبونی سەردەمەکان گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە هەرلەنوسین و بیستن و بینینەوە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستتا کەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکانە و خەڵکێکی زۆر سەرقاڵی ئەو تۆڕانەن وزۆرلە کاتەکانی تاکی داگیرکردووە، بێگومان ڕۆژنامەنوسیش بەدەر نیە لەوەو ئەویش وەك تاکێکی ئاسایی و وەك ڕۆژنامەنوسیش ئەوتۆڕانەبەکاردێنێت، لەوانەشە وەك هەر تاکێك بۆ کاتبەسەربردن و لەهەمان کاتیشدا وەك ڕۆژنامەنوس بۆ کارەکەی و بەدەستکەوتنی زانیاری پشتی پێبەستێت، ئێستا ئێمەلەمسەردەمەدا هەرتاکێك لەژیانیرۆژانەیدا و لەڕێی ئامێرێکی پێشکەوتوی وەك موبایلی زیرەك بەدەستیەوە و کاتێك بە رشێدا دەڕوات هەر شتێك سەرنجی ڕابکێشێت وێنەی بگرێت وە یاخود هەر داتایەك یان زانیارییەکی لابێت و لەتۆڕەکان و لە هەژماری خۆی بڵاوی بکاتەوە، کەئەمەش هاوڵاتی ڕۆژنامەنوس دەگرێتەوە و لەوانەشە ئەو زانیارییە یان ئەو وێنەیە ببێتە کەرەسەیەکی زۆر گرنگ بۆ ڕۆژنامەنوسان ، هەر بۆیە ئەم بابەتە بووە بیرۆکەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بۆ هەردوو توێژەران ئەنجامی بدەن ، ئەم توێژینەوەیەلە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم لە چوارچێوەی توێژینەوە کە خۆی لە کێشەو ئامانج و گرنگی و سنوری توێژینەوەو مشتەو کۆمەڵی توێژینەوەو ئەوئامرازەی کە زانیارییەکانی پێ کۆدەکرێتەوە، بەشی دووەم کە خۆی لە لایەنی تیۆری دا دەبینێتەوە واتا خستنە ڕووی بیردۆزەی پشت پێبەستراوو زانانیاریو ڕۆژنامەنوسە، بەشی سێیەمیش خستنە ڕووی ئەنجامەکانە دواتریش دەرەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردە دەخرێتە ڕوو.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص ١٤٢-١٦٤
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## بەشی یەکەم:

## چوارچێوەی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە:

بیرۆکەی توێژینەوە لە بەتاڵیەوە نایەت، هەتا بە بەتاڵیش کۆتایی نەیەت، ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەی توێژینەوەی زانستی جیادەکاتەوە بونی کێشەی گرنگ ودیاریکراوە وپێویستی بە توێژەرێکە تا دراسەی بکات و لایەنەکانی شیبکاتەوەو تا بتوانرێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە[1]

لەم توێژینەوەیەدا دیارە هەردوو توێژەران هەست بەبونی کێشەیەك دەکەن ئەویش زانینی رادەی پشتبەستنی ڕاگەیاندنکارانە بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەك سەرچاوەی زانیاری بۆیە لەچەند پرسیاریکدا دەیخەنە ڕوو:

١-تاچەند ڕاگەیاندنکاران پشت بەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەبەستن؟بۆچی؟

٢-ڕاگەیاندنکاران زیاتر کام تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن؟

٣-کاریگەرییە مەعریفی و وجدانی و رەفتارییەکانی سەر ڕاگەیاندنکاران چین؟

٤- ئەو سودانەی وەك سەرچاوەی زانیاری وەریدەگرن لێی چیە؟

### ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی خۆی هەیە بۆیە توێژەران بەپێویستیان زانیوە ئەنجامی بدەن خۆی لەچەند ئامانجێکدا دەبینێتەوە:

١-زانینی رادەی پشت بەستن بەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و هۆکارەکەشی.

٢-زانینی ڕادەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە.

٣-زانینی ڕادەی کاریگەرییە مەعریفی و وجدانی و رەفتارییەکانی سەر ڕاگەیاندنکاران.

٤- زانینی ڕادەی ئەو سودانەی وەك سەرچاوەی زانیاری وەریدەگرن لێی.

### گرنگی توێژینەوە:

هەمو توێژینەوەیەك ئامانجی هەیە تا بەهای زانستی هەبێت ،مەبەست لە توێژینەوە هۆکارێکە وا لە توێژەر دەکات ئەو توێژینەوەیە بکات، ئامانجی هەر توێژینەوەیەك رونکردنەوەی بۆچی توێژەر ئەو توێژینەوەیە دەکات؟ئەیەوێ بەچی بگات؟[2] ئەم توێژینەوەیە گرنگە کە خۆی لەچەند گرنگیەکدا دەبینێتەوە:

١-گرنگە بۆ ڕاگەیاندنکاران بۆ پشت بەستنیان بە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و وەرگرتنی زانیاری

---

[1] محمد منير حجاب، أساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية، دار الفجر لنشر والتوزيع، ط٣، ٢٠٠٦ ،القاهرة،لا٣١

[2] محمد منير حجاب، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٩.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٢-گرنگە بۆ کۆمەڵ لەبەر ئەوەی دواجار ئەوزانیاریانەی وەردەگیرێن لەژانەرێکدا بەکاردێت و دەدرێتەوە بە وەرگر.

٣-گرنگە لەڕووی زانستیەوە: لەبەر ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستیەو بۆ خودی رۆژنامەنوسانە و بۆ ناوەندێکی گرنگی وەك زانکۆیە.

**کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە:**

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتیی یە لە رۆژنامەنووسانی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شاری سلێمانیدا، (لەبەر ئەوەی ئامارێکی فەرمیی نییە بۆ ژمارەی رۆژنامەنووسان، لەهەموو دەزگا میدیاییەکانی رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆن و سایتە ئەلەکترۆنیەکان، بەشێوەی هەرەمەکی سادە فۆرم دراوە بە ١٠٠ رۆژنامەنووس، لەکۆی هەموویان کەنزیکەی ٢٠٠٠ رۆژنامەنووس ئەبن)، (چونکە هەموو رۆژنامەنووسێك ناوی لەسەندیکا تۆمار نیە، نەتوانرا بەتەنها پشت بەسەنکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ببەسترێت)، لەبەر زۆری ژمارەیان هەموویان بە مشتە وەرنەگیراون بەڵکو لەکۆی ٢٠٠٠ رۆژنامەنووسەکە ١٠٠ کەسیان وەرگیراوە کە ئەکاتە %٢٠ی کۆی هەموویان، بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە کە توێژەران ١٠٠فۆرمیان دابەشکردووە تەنها ٩٥ فۆرمیان بەتەواوی بۆ گەڕاوەتەوە و بۆ ئیش لەسەرکردن گونجاو بوون، پێنج فۆرمەکەی تریان سیانیان تەلەف بوون و دووانیشیان نەگەڕاونەتەوە.

**میتودی توێژینەوە:**

ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی زانستیە بۆ باوەڕوەشی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە[٣] میتودی ئەم توێژینەوەیە وەسفی یە لەجۆری ڕوپێوی، لەبەرئەوەی ئەم میتودە باشترین میتودە بەکاربهێنرێت بۆ ئەم توێژینەوەیە و هێنانەدی ئامانجەکانی، چونکە تیایدا ڕای رۆژنامەنوسان وەردەگیرێت واتا ڕوپێوییە.لەلایەن وەڵامدەرەوەکان

**ئامرازی توێژینەوە:**

سروشتی توێژینەوە و بەکارهێنانی میتودی توێژینەوە توێژەران پشتیان بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بەستوە وەك ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری کە بریتی یە لە "فۆرمێك کە کۆمەڵێك پرسیار لەخۆدەگرێت و وەڵام دەدرێتەوە لەلایەن وەڵامدەرەوەکان"[٤]

ئامرازی بەکارهێنراوی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی لەبەر ئەوەی باشترین ئامرازە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هێنانەدی ئامانجەکان  بە سود وەرگرتن لە توێژینەوەی پێشوو وە لایەنی تیۆری، کەخۆی لە چەند پرسیاررێکدا دەبینێتەوە.

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری توێژینەوە هەنگاوێکی گرنگە لە ئەنجامدانی توێژینەوە دا کەخۆی لە چەند سنورێکدا دەبینێتەوە:

١-سنوری کات: لە ١٥-٢- بۆ ١٥ -٥-٢٠١٨

٢-سنوری شوێن: بریتی یە لە شاری سلێمانی.

٣- سنوری مرۆیی: بریتی یە لە رۆژنامەنووسان. (بەشێوەیەکی هەرەمەکی سادە وەرگیراون)

---

٣ سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ وبلاوکراوەی چوارچرا،سلێمانی–هەرێمی کوردستان،٢٠١٦،لا ٨٥.

٤ محفوظ جودة، اساليب البحث العلمى فى ميدان العلوم الادارية، دار زهران لنشروالتوزيع، عمان-الاردن، ١٩٩٧،ص١٣٧.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**راستگۆیی توێژینەوە:**

راستگۆیی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لەقۆناغی دوای دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی و دواتر ئەو فۆرمە خراوەتە بەردەستی پسپۆڕانی بوارەکە تابیینن و تێبیینیەکانیان بخەنە ڕوو، بە تێبینیەکانیان سوود بە توێژینەوەکە بگەیەنن بەکەلەکۆی گشتی خاڵەکانی توێژەران لەلای پسپۆڕان ٩٥% یان لاریان لێی نەبووە.

**چەمکەکانی توێژینەوە:**

ڕۆژنامەنوس: ئەو کەسەیە کە زانیاری پەیدادەکات و لەڕێی هونەرێکەوەو لە ڕێی دەزگای ڕاگەیانەکەیەوە کەکاری تێدا دەکات بڵاوی دەکاتەوە.

تۆڕی کۆمەڵایەتی: هەمو ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتیانەن کە لەڕێی بونی هێڵی ئینتەرنێتەوە بەکاردەهێنرێت.

سەرچاوەی زانیاری: بریتین لەو سەرچاوانەی کە دەبنە جێی وەرگرتنی زانیاری بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و لەڕێی یەکێك لە ژانەرەکانی ڕۆژنامەوانیەوە بڵاودەکرێتەوە.

**بەشی دووەم: لایەنی تیۆری**

**تیۆری پشتبەستن بە هۆکانی ڕاگەیاندن:**

ئەم تیۆرییە هەوڵ دەدات لە پەیوەندی نێوان میدیاو جەماوەر بگات، جەغت لەسەر پرسیاری:بۆچی جەماوەر موتابعەی ڕاگەیاندن دەکات بۆ هێنانەدی ئامانجە؟ئەم بیردۆزەیە هەوڵ دەدات بۆ تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشە بچوکەکان وگەورەکان لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا بۆتێگەیشتن لە ڕەفتاری هەموبەشێك لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی سیتم بەگشتی، وە لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن بەشێکە لەو سیستمە کۆمەڵایەتیە ئەم بیردۆزەیە لە ڕووی ئەو پەیوەندییەوە سەیری دەکات کە تاکەکان لەگەڵ ڕاگەیاندن دروستی دەکەن[٦]

**ئەم تیۆرییە لەسەر دوو بنەمایە[٧]**

١- ئامانج: بۆئەوەی تاکەکان و کۆمەڵەکان و ڕێکخراوەکان ئامانجەکانیان بەدی بێنن دەبێت پشت بە و سەرمایانە ببەستن کە لە ژێردەستی تاکەکان و کۆمەڵەکان و ڕێکخراوەکاندان و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٢- تاکەکان و ڕێکخراوەکان هەوڵ دەدەن بۆ سەرچاوەی جیاواز کە ئامانجەکانیان دێنێتەدی، کە (٣) جۆر سەرچاوش هەن:

*کۆکردنەوەی زانیاری:ڕۆژنامەنوس ئەوزانیارییانە کۆدەکاتەوە کە پێویستە بیزانێت.

*ڕێکخستنی زانیاری:ڕێکخستن و چاککردنی زانیارییەکان کە بەدەستی هێناوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی باش بڵاوی بکاتەوە.

---

٥ د. حبیب مال الله ابراهیم، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن،تەلەفزیۆن، زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ د.عومەر رەمەزان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، زانکۆی سلێمانی، هەروەها م.کامیل عومەر، مامۆستا لەبەشی راگەیاندن، رۆژنامە، زانکۆی سلێمانی.

٦ نظريات الاتصال، محمد منير حجاب، دار الفجر للنشر، القاهرة،٢٠١٠،ص ٣٠١

٧ الاتصال ونظرياته المعاصرة ،حسن عماد مكاوى، ليلى حسين السيد، دار المصرية للبنانية، ط ١١، ٢٠١٤، القاهرة، ص ٣١٤

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

*بڵاوکردنەوەی زانیارییەکە بەسەر جەماوەر کە دیاریکراو نیە.

پشت بەستنی ئاڵوگۆری نێوان تاکەکان و ڕاگەیاندن خۆی لە چەند ئامانجێکدا دەبینێتەوە:[8]

١-تێگەیشتن: زانینی خود لەڕێی فێربون و بەدەستهێنانی ئەزمونەکان ،

٢-ئاراستەکردن:ئاراستەی کارێك وەکو بڕیاردان لەسەر شت کڕین یان چی لەبەردەکەیت؟یا ئاراستەی کارلێکردن وەکو: چۆن مامەڵە لەگەڵ هەڵویستی قورسدا دەکەیت.

٣- کاتبەسەربردن:وەکو پشودان و سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا.

کاریگەرییەکانی پشتبەستن بە ڕاگەیاندن:[9]

١-کاریگەری زانین cognitive effects

أ- ناڕوونی ambiguity: کێشەیەکە لە نەبونی زانیاری یان زانیارییەك کە ململانێ ودژبەیەکی تیایێت، ناڕوونی ڕوودەدات کاتێك خەڵك زانیاری تەواوی لانەبێت لەسەر ڕوداوەکان و نازانن هۆکارەکەی چیە وبۆیە ڕاگەیاندن تاکە سەرچاوەیە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.

ب- ڕێکخستنی بابەت: ڕاگەیاندن ڕۆڵ دەبینێت لە ڕێکخستنی بابەتەکاندا بۆ ئەو جەماوەرەی کە پشت دەبەستێت بە ڕاگەیاندن بۆ بابەتە دیارەکان لە نێو بڕێکی زۆر بابەتدا.

ج- بەها values: کۆمەڵێك بیروباوەڕە کە تاکەکانی کۆمەڵێك بەشداری تیادا دەکەن ومەبەستیانە بیپارێزن، وەکو: ئازادی، لێبوردەیی، یەکسانی:[10]

٢- کاریگەری وجدانی :affective effects

أ-کەمبونەوەی سۆز، زۆری بەریەککەوتنی توندوتیژی لە ڕاگەیاندندا دەبێتەهۆی هەستکردن بە بێئاگایی کاتێکیش ڕووداوی ڕاستی ڕودەدات حەزی نیە یارمەتی خەڵك بدات، توێژینەوەکان سەلماندویانە کاریگەری دەرهاویشتەئەنجامی بینینی توندوتیژی ڕاگەیاندندا دەبێتەهۆی فتوری سۆزداری.

ب- ترس و دڵەڕاوکێ: کاتێك ڕاگەیاندن پێکدادانی دەبێت لەگەڵ توندوتیژی و ڕووداوەکان و کوشتنەکاندا، هەستی ترس لای بینەر دەخولقێنێت

ج-پشتگیری مەعنەوی، لەکاریگەرییە وجدانیەکانی ڕاگەیاندن بەرزکردنەوەی ڕۆحی مەعنەوییە لای هاوڵاتی.

٣-کاریگەری رەفتاری: behavioral effects

أ-چالاکی: ئەنجامدانی کارێکە لەئەنجامی بەریەککەوتنی ڕاگەیاندنەوە لەلایەن تاك بۆیە ئەمە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ زۆر لە هەڵوێستەکانی وەك یەکسانی نێوان ژن و پیاوو یان نەهێشتنی جگەرکێشان ئەمانە بەریەککەوتنن بۆ سودی کۆمەڵایەتی، بەڵام بۆ زیانی کۆمەڵایەتیش وەکو تیوەگلان لە کارێك دژی کۆمەڵ.

٨ نظريات الاتصال ، محمد منير حجاب،ص٣٠٣

٩ الاتصال ونظرياته المعاصرة، حسن عماد مكاوى، ليلى حسين السيد، ص ٣٢٦ص - ص ٣٢٩

١٠ نظريات الاعلام واتجاهات التاثير ، محمد عبدالحميد ، عالم الكتب ، القاهرة ، ص ٢٠٣


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ب-ناچالاك: تاك ناچالاك دەكات وەكو بەشدارینەكردن لەوشتانەی كە سودی هەیە بۆ كۆمەڵ ئەمەش لە ئەنجامی زیادەڕۆیی لە ڕوماڵكردنی ڕاگەیاندن ڕوودەدات والەتاك دەكات بەشدار نەبێت وتوشی نائومێدی بێت.[11]

**تۆڕەكۆمەڵایەتیەكان:**

هەردوو توێژەران (بوید و ئیلیسۆن) پێیان وایە بریتی یی لەو خزمەتگوزارییانەی كە لەسەر تۆڕەكانی جاڵجاڵۆكەدا هەیە، كە هەل دەدات بەتاكەكان كەسێتیكی گشتی یا لەگشتی نزیك دروستبكات، لە ڕێی سیستمێكی دیاریكراوەوە وەدەتوانن لیستێك دانێن بۆ ئەوانەی حەز بە بەشداربون لە پەیوەندیدا دەكەن.[12]

لەئەنجامی ئەوپێشكەوتنەی بەخۆیەوەی دیوە توێژەران باسی دەكەن ئەم ڕەگەزانەی تیادەبینن[13]:

١-بونی دۆسیەی كەسی بەبونی پرۆفایل

٢-هەمەجۆری لە ڕێگای پێگەیشتن یا بەنوسین یادەنگی یا وێنە.

٣-بونی ڕێگای هەمەجۆر بۆ بەستنەوەی بەكارهێنەران لەسەر بونی زانیاری كەسی.

٤-بونی فرەیی توانا لەوتۆڕانەدا لەڕێی تایبەتمەندی تایبەتەوە.

**سەرچاوەی زانیاری:**

زانیاری كەبە ئینگلیزییەكەی information و بە عەربییەكەی المعلومات دێت، واتا گەیاندنی زانیاری بەخەڵكی یارمەتیان دەدات لەدەوروبەریان بگەن لەڕێی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنەوە، زانیاری ڕۆژنامەوانی journalism information ، كۆمەڵێك زانیاری جۆربەجۆرە لەڕێی هۆكانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەبێتەوە ولەكاتی پێویستدا دەستەكەوێت[14]،هەروەها زانیاری بەپێی ماددەی یەكەم برگەی هەشتەم لە یاسای ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای مافی دەستكەوتنی زانیاری كەلە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە داتای زارەكی یان نوسراو یان تۆماركراو یان ئامار یان بەڵگەنامەی نوسراو یان وێنەگیراو یان تۆماركراو یان هەڵگیراو بەشێوەی ئەلەكترۆنی یان بەهەر شێوەیەك ڕێگەیەكی دی.[15] فەرهەنگی لارۆس: ئەو هەواڵ و بەدواداچونانەیە دەبێتە هۆیدەرخستنی ڕاستیەكان وڕونكردنەوەی شتەكان[16]،بەڵام زانیاری ڕۆژنامەنوسی ئەو زانیارییەیە كەلە ڕێی یەكێك لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو دەبێتەوە پرۆسەیەكی هۆشیاری بەئامانج و مەبەستە لەبۆچونی ئەوكەسانە پێكدێت كەدەیگوازنەوە چ هەواڵساز یا پەیامنێر یا ئامادەكاری بەرنامە [17]،ئەوزانیاریانە مافی هاوڵاتیانە بیزانێت چونكە پەیوەندی بەهاوڵاتیانەوە هەیە ،هەروەها بۆ چاودێریكردنی دەسەڵاتەوبۆیە زۆرجار بۆتەهۆی لابردن و دوورخستنەوەی هەندێك سەرۆكەكان وەك نیكسۆن، دوای جوڵاندنی

---

١١ حسن عماد مكاوی، ص ٣٢٩

١٢ استخدام القائم بالاتصال في الصحافة الفلسطينية للشبكات التواصل الاجتكاعي والاشباعات المتحققة ، فلاح سلامة حسن ، القاهرة ، ٢٠١٥ ، لا ٥٩

١٣هەمان سەرچاوە لا ٦١

١٤جەمال عبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن ، ٢٠٠٤ ،لا٣٣٣، ٣٥٨

١٥یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٣هەرێمی كوردستان – عێراق

١٦ مدخل الى الاتصال والراى العام، د.عاطف عدلي العبيد، لا ١٧

١٧علم الاتصال بالجماهير –الافكار –نظريات-انماط ، د.فلاح كاظم المحنة ، لا٤٠٥

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ڕێگشتی لەسەریان، بۆیە ئەوزانیاریانە لەلایەن دەسەڵاتەوە هەوڵی شاردنەوەی دەدرێت بەڵام ڕۆژنامەنوسان وەك ئەركی خۆیان ئەوزانیاریانە دەدەن بەجەماوەر.[١٨]

ڕۆژنامەنوسیش بەپێی یاسای ڕۆژنامەوانی ٣٥ ی ٢٠٠٧ لە مادەی یەکەم برگەی پێنجەم ڕۆژنامەنوس هەرکەسێکە کەلەبواری ڕۆژنامەگەریدا لەهەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کار بکات[١٩] لەڕێی کارەکەیەوە کە ڕۆژنامەوانیە بریتی یە لە، ڕۆژنامەوانی journalism بریتی یە لە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری وداڕشتنەوەی وئامادەکردنی و پەخشکردنەوەی بە ئامرازێکی بینراوبیستراووخوێنراو.[٢٠]

**بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی**

١-وەڵامی مشتە بە پێی توخم:

لە وەڵامی خشتەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی نێر زیاترە لە ڕێژەی مێ، ئەمەش ئاسایییە چونکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرترین ڕێژەی نێرە، وەك لە خشتەی (١) دا دیارە.

**خشتەی (١)**

**وەڵامی مشتە بەپێی توخم**

| ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | ٧٠ | ٧٣,٦٨ | یەکەم |
| مێ | ٢٥ | ٢٦,٣١ | دووەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٩ | |

٢- وەڵامی مشتەی توێژینەوە بەپێی تەمەن:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە زۆرترین ڕێژە لە نێوان تەمەنی (٢٦ -٣٠) یە، بە ڕێژەی ٢٩,٤٧ ئەمەش تەمەنێکی گونجاوە.

١٨ حرية الاعلام والقانون ،د.ماجد راغب الحلو ، المعاريف الاسكندرية ، ل٣٣٢

١٩ یاسای ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان.

٢٠ حرية الصحافة ، احمد البريدى ،بحث العلمى القانونى ، ل ٨٨


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٢)**

**وەڵامی مشتە بەپێی توێژینەوە بەپێی تەمەن**

| تەمەن | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ٢٠ ــ ٢٥ | ٢٠ | ٢١,٠٥ | سێیەم |
| ٢٦ ــ ٣٠ | ٢٨ | ٢٩,٤٧ | یەکەم |
| ٣١ ــ ٣٥ | ٢٥ | ٢٦,٣١ | دووەم |
| ٣٦ ــ ٤٠ | ١٠ | ١٠,٥٢ | چوارەم |
| ٤١ ــ ٤٥ | ٤ | ٤,٢١ | شەشەم |
| ٤٦ ــ ٥٠ | ٨ | ٨,٤٢ | پێنجەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٨ | |

٣- وەڵامی مشتەی توێژینەوە بە پێی بروانامەی خوێندن:

وەڵاممی مشـــتەی توێژینەوە بەپێی بروانامەکانیان، زۆرترین ڕێژە بەکالۆریۆس ە بە ڕێژەی (٧٠,٥٢) ، کەمترین ڕێژە کە هێنابێتیان خوێندنی باڵایە، ئەمەش جێی قسەکردنە لەسەری بۆچی کەمترین بروانامە ی خوێندنی باڵا ماستەرو دکتۆرا بەڕێژەی (٤,٢١) بونیان هەیە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا، زانیاری زیاتر لە خشتەی (٣) دایە.

**خشتەی (٣)**

**وەڵامی مشتە بەپێی بروانامەکانیان**

| پلەی خوێندن | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بنەرەتی وئامادەیی | ١٦ | ١٦,٨٤ | دووەم |
| دبلۆم | ٤ | ٤,٢١ | سێیەم |
| بکالۆریۆس | ٦٧ | ٧٠,٥٢ | یەکەم |
| دبلۆمی باڵا | ٠ | ٠ | چوارەم |
| ماستەر | ٤ | ٤,٢١ | سێیەم |
| دکتۆرا | ٤ | ٤,٢١ | سێیەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٩ | |

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٤-وەڵامی مشتەی توێژینەوە بەپێی ساڵای خزمەت:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دیارە کە زۆرترین ڕێژە بۆ ڕۆژنامەنوسان بەپێی ساڵی خزمەت (١-٥) ساڵە بە ڕێژەی (٤٢,١٠ )، بەبەراوورد بە ساڵانی خزمەتەکانی تر کەمە، پشت بەتۆرەکۆمەڵایەتیەکان دەبەستن بۆ دەستکەوتنی زانیاری و بەکارهێنانی لەکاری ڕۆژنامەنوسیاندا، زانیاری زیاتر لە خشتەی (٤) دایە.

**خشتەی (٤)**

**وەلامی مشتەی توێژینەوە بەپێی ساڵی خزمەت**

| ساڵی خزمەت | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ١ ــ ٥ | ٤٠ | ٤٢,١٠ | یەکەم |
| ٦ ــ ١٠ | ١٦ | ١٦,٨٤ | سێیەم |
| ١١ ــ ١٥ | ٣٢ | ٣٣,٦٨ | دووەم |
| ١٦ ــ ٢٠ | ٧ | ٧,٣٦ | چوارەم |
| ٢١ ــ ٢٥ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٨ | |

٥-تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنیت:

**خشتەی (٥)**

**وەلامی مشتەی توێژینەوە بۆ بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان**

| بەکارهێنان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٥ | ١٠٠ | یەکەم |
| نەخێر | ٠ | ٠ | دووەم |
| کۆ | ٩٥ | ١٠٠ | |

٦-وەڵامی مشتەی توێژینەوە بەپێی ماوەی ساڵی بەکارهێنانی:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دەرکەوتووە کە زۆرترین ساڵی بەکارهێنان ٤ ــ ٦ یە بەڕێژەی ٧٠,٥٢، ئەمەش ماوەیەکی زۆرە تیایدا ڕۆژنامەنوسان تورەکۆمەلایەتیەکان بەکاردێنن، وەك لەخشتەی (٦) دا دیارە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٦)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بەپێی ماوە ی سالی بەکارهێنان**

| ساڵ | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ١ - ٣ | ٨ | ٨,٤٢ | سێیەم |
| ٤ - ٦ | ٦٧ | ٧٠,٥٢ | یەکەم |
| ٧ - ٩ | ١٢ | ١٢,٦٣ | دووەم |
| ١٠ – بەرەو سەر | ٨ | ٨,٤٢ | سێیەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٩ | |

٧- وەڵامی مشتەی توێژینەوە بەپێی بەکارهێنای تۆرەکان بە پێی کاتژمێر:

بەپێی وەڵامی مشـــتەی توێژینەوە، زۆرترین ڕێژەی وەڵام ٣-٤ کاژێرە بەڕێژەی ٤٢,١٠، ئەمەش ماوەیەکی گونجاوە بۆ تەماشاکردنی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و گەڕان بەدوای زانیاری و بابەتی سەرنراکێشدا بۆ بەکارهێنانی بۆ کارە رۆژنامەنوسیەکەی، زانیاری زیاتر لە خشتەی (٧) دایە.

**خشتەی (٧)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بەپێی کاژێری بەکارهێن**

| کاتژمێر | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ١ - ٢ | ٣٢ | ٣٣,٦٨ | دووەم |
| ٣ -٤ | ٤٠ | ٤٢,١٠ | یەکەم |
| ٥ - ٦ | ٢٠ | ٢١,٠٥ | سێیەم |
| ٧ – بەرەو سەر | ٣ | ٣,١٥ | چوارەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٨ | |

٨- زیاتر لە کوێ بەکاریدێنی:

بەپێی وەڵامی مشـتەی توێژینەوە زۆرترین ڕێژە ماڵەوەیە بە ڕێژەی ٥١,٥٧، ئەمەش ئاسـاییە زۆرترین زانیاری لە خشـتەی (٨) دایە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص ١٤٢-١٦٤
المجلد (٢) – العدد(٢) ,كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٨)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بەپێی شوێنی بەکارهێنان تۆرەکۆمەڵایەتیەکان**

| % | دووبارەبوونەوە | شوێن |
|---|---|---|
| ٣١,٥٧ | ٣٠ | شوێنی کار |
| ٥١,٥٧ | ٤٩ | ماڵەوە |
| ٤,٢١ | ٤ | کافتریا |
| ١٢,٦٣ | ١٢ | شوێنی تر |
| ٩٩,٩٨ | ٩٥ | کۆ |

٩-سوودەکانی بینینی هەواڵ لە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دەرکەوێت کە زیاتر سودەکانی بۆ بۆ دەستکەوتنی زانیارییە بە ڕژەی ٤٦,٣٤، وەکەمترینیش بۆ شیکاری هەواڵەکانە بە ڕێژەی ٧,٣١، زانیاری زیاتر لە خشتەی (٩) دایە.

**خشتەی (٩)**

**وەڵامی مشتە بەپێی سودەکان لەتۆرەکۆمەڵایەتیەکان**

| پلەبەندی | % | دووبارەبوونەوە | سوودی هەواڵ |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٤٦,٣٤ | ٧٦ | دەستکەوتنی زانیاری |
| سێیەم | ٢١,٩٥ | ٣٦ | ئاڵوگۆری هەواڵ لەگەڵ هاوڕێکان |
| چوارەم | ٧,٣١ | ١٢ | شیکاری هەواڵ |
| دووە | ٢٤,٣٩ | ٤٠ | کاتبەسەربردن |
|  | ٩٩,٩٩ | ١٦٤ | کۆ |

١٠-بەکارهێنانی وێنەی ڤیدیۆ لەگەڵ هەواڵدا بێت ڕاستگۆیی زیاترە.

بەپێی وەڵامی مشـــتەی توێژینەوەکە دیارە کە زۆرترین وەڵام بەڵێ یە بە ڕێژەی ســـەداســـەد، ئەمەش ئاشـــکرایە کە وێنە جێی ڕاستگۆیی بینەرو خوێنەرە، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٠) دایە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (١٠)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ بەکارهێنانی وێنە**

| وێنەی ڤیدیۆیی | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٥ | ١٠٠ | یەکەم |
| نەخێر | ٠ | ٠ | دووەم |
| کۆ | ٩٥ | ١٠٠ | |

١١-هۆکاری راستگۆ نەبونی تۆڕەکان وەك سەرچاوەی و زانیاری لەلایەن راگەیاندنکارانەوە:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دەرکەوێت کە زۆرترین وەڵام ئەوەیە زانیاری ناراست بڵاو دەکرێتەوە لەتۆرەکۆمەڵایەتیەکاندا، بەرێژەی ٣١,٢٥، ئەمەش کێشـــەیەکی گەورەیە کاتێك زانیاری ناراســـت بڵاوبکرێتەوە ، دوای ئەویش گەورەکردنی هەواڵ زیادلەقەبارەی خۆی، ئەمەش کێشـــەیە بۆ کاری رۆژنامەنوســی و ســەرلێشـیوانی بینەرو خوێنەر کاتێك هەواڵێك زیادلەپێویست گەورەدەکرێت ئەمەش بەمەبەستە و لەگەڵ بێلایەنی کاری رۆژنامەنوسی ناگونجێت، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١١) دایە.

**خشتەی (١١)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە هۆکاری راستگۆنەبونیتۆرەکان وەك سەرچاوەی زانیاری**

| وێنەی ڤیدیۆیی | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بڵاوکردنەوەی زانیاری ناراست | ٧٥ | ٣١,٢٥ | یەکەم |
| هەڵبژاردن لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ | ١٢ | ٥ | حەوتەم |
| گەورەکردنی هەواڵ و زانیاری | ٣٦ | ١٥ | دووەم |
| خۆگێلکردن لە هەندێ بابەتی گرنگ و تەرکیزکردنە سەر بابەتی لاوەکی | ١٥ | ٦,٢٥ | شەشەم |
| گەڕان بەدوای وروژاندن بەرامبەر بابەتیبون | ٣٣ | ١٣,٧٥ | سێیەم |
| نەبوونی هوشیاری لەسەر روداوەکان | ٢٤ | ١٠ | پێنجەم |
| پابەندنەبون بەپیشەی ئیتیکی لەسەر بڵاوکراوەکان | ١٥ | ٦,٢٥ | شەشەم |
| پابەند نەبون بە بەپیشەی ئیتیکی لەلایەن بڵاوکەرەوەی هەواڵەکانەوە | ٣٠ | ١٢,٥ | چوارەم |
| کۆ | ٢٤٠ | ١٠٠ | |

ص ١٤٢-١٦٤ المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١٢- تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بوونەتە سەرچاوەی هەواڵ؟

بەپێی وەڵامی مشـــتەی توێژینەوەکە دەرکەوێت کە زۆرترین وەلام بۆ ناوەندە بەڕێژەی ٥٠,٥٢، کەئەمە وەڵامێکی کەمبروایە بەوەی تۆرەکان نەبونەتە سەرچاوەی هەواڵ بۆ کاری رۆژنامەنوسی، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٢) دایە.

**خشتەی (١٢)**

**ووەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ بەکارهێنانی تۆرەکان وەکو سەرچاوەبۆ کارەکەیان**

| بوون بە سەرچاوەی هەواڵ | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| یەکجار زۆر | ١٢ | ١٢,٦٣ | سێیەم |
| زۆر | ٢٠ | ٢١,٠٥ | دووەم |
| ناوەند | ٤٨ | ٥٠,٥٢ | یەکەم |
| لاواز | ١٥ | ١٥,٧٨ | چوارەم |
| زۆر لاواز | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٨ | |

١٣- هۆکارەکانی موتابەعەکردنی راگەیاندنکاران بۆ تۆرەکان

بە پێی وەڵامی مشـتەی توێژینەوە دەرەکەوێت کە زۆرترین وەڵام ئاسـانی گەیشـتن بەزانیارییەکان بەرێژەی ٤٦,٨٠، دوای ئەویش هەوڵی زۆری ناوێت بەرێژەی ٢٥,٥٣، ئەمەش جورێك لە تەمەڵیە بۆ کاری رۆژنامەنوسـی، زانیاری زیاتر لە خشـتەی (١٣) دای

**خشتەی (١٣)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ هۆکاری موتابەعەکردنی رۆژنامەنوسان بۆ تۆرەکان**

| هۆکارەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| هەوڵی زۆری ناوێ | ٤٨ | ٢٥,٥٣ | دووەم |
| ئاسانی گەیشتن پێی | ٨٨ | ٤٦,٨٠ | یەکەم |
| کاتی زۆری ناوێ بۆ موتابەعەکردن | ٤٠ | ٢١,٢٧ | سێیەم |
| سەرچاوەی سەرەکین بۆ زانینی هەواڵ | ٤ | ٢,١٢ | پێنجەم |
| سەرچاوەیەکە بە رێکەوت سەیری دەکەم و هەواڵ دەبینم | ٨ | ٤,٢٥ | چوارەم |
| کۆ | ١٨٨ | ٩٩,٩٧ | |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١٤- هۆكاری سەیرنەكردنی هەواڵ و زانیارییەكان لەتۆرەكۆمەڵایەتیەكان:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دیارە كە هۆكاری سەیرنەكردن و پشت نەبەستنی رۆژنامەنوسان بە تۆرەكۆمەلایەتیەكان زۆرترین وەڵا/ بۆ هۆكاری سەرچاوەی هەواڵەكانی دیارنین وە بەدواداچونی كەمە وە راستگۆیی و بابەتیبونی كەمە بەرێژەی ٢٠,٦٨ ، كەئەمانەش گرنگترین ئەوبنەمایانەن كە كاری رۆژنامەنوسی لەسەر بەندە بۆیە ئەمەش كێشەیە بۆ كاری رۆژنامەنوسی، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٤)

**خشتەی (١٤)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ هۆكارەكانی سەیرنەكردنی هەواڵ و زانیاری لەتورەكاندا**

| هۆكاری سەیرنەكردنی هەواڵ | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سەرچاوەی هەواڵەكانی دیارنین | ٤٨ | ٢٠,٦٨ | یەكەم |
| بەدواداچونی كەمە | ٤٨ | ٢٠,٦٨ | یەكەم |
| راستگۆیی و بابەتیبونی كەمە | ٤٨ | ٢٠,٦٨ | یەكەم |
| لایەنگیریی پێوەیە | ٤٤ | ١٨,٩٦ | دووەم |
| قووڵ نابێتەوە لە بابەتەكاندا | ٤٤ | ١٨,٩٦ | دووەم |
| كۆ | ٢٣٢ | ٩٩,٩٦ | |

١٥-لەرێی چیەوە سەیری تۆرەكان دەكەیت:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دیارە كە بەكارهێنانی موبایلی زیرەك زۆرترین رێژەی هێناوە ٥٤,٢١، ئەمەش دەری دەخات كە ئەم ئامێرە بچوكە جێی هەمو ئامێرەكانیتری گرتوتەوە زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٥) دایە.

**خشتەی (١٥)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ بەكارهێنی جۆری ئامێرەكان**

| ئامێرەكان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| كۆمپیوتەر | ٤٤ | ٢٦,٥٠ | دووەم |
| لاپتۆپ | ٢٤ | ١٤,٤٥ | سێیەم |
| مۆبایلی زیرەك | ٩٠ | ٥٤,٢١ | یەكەم |
| ئایپاد | ٤ | ٢,٤٠ | چوارەم |
| هیتر | ٤ | ٢,٤٠ | چوارەم |
| كۆ | ١٦٦ | ٩٩,٩٦ | |

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١٥-زۆرترینی چالاکیەکان ئەنجامدەدرێت لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دەرەکەوێت کە لەزۆرترین ئەو چالاکیانەی ئەنجامدەدرێت خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانە بەرێژەی ٣٦,٩٥ دوای ئەویش لایککردنی ئەوەی بەدڵی رۆژنامەنوسەکەیە بەرێژەی ٢٦,٠٨، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٦) دایە.

**خشتەی (١٦)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ ئەنجامدانی جۆری چالاکی**

| چالاکیەکانی تۆڕ | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| خوێندنەوەی بڵاوکراوەکان | ٦٨ | ٣٦,٩٥ | یەکەم |
| لایککردنی ئەوەی بە دڵمە | ٤٨ | ٢٦,٠٨ | دووەم |
| بەشداریکردن لەو بڵاوکراوا نەی کە هاوڕێکانم دایناون | ٢٤ | ١٣,٠٤ | سێیەم |
| چات | ٢٠ | ١٠,٨٦ | چوارەم |
| کۆمێنت نوسین | ١٦ | ٨,٦٩ | پێنجەم |
| شتی تر.. | ٨ | ٤,٣٤ | شەشەم |
| کۆ | ١٨٤ | ٩٩,٩٦ | |

١٧-بونی متمانە بە ناوەڕۆکی بابەتەکان:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دەرکەوتووە زۆرترین وەڵام ناوەندە بە رێژەی ٧١,٥٧ بۆ بونی متمانە بەناوەرۆکی بابەتەکان واتە زۆر باوەریان پێی نیە، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٧) دایە.

**خشتەی (١٧)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بە بونی متمانە بەناوەرۆکی بابەتەکان**

| ناوەرۆکی بابەت | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| یەکجار زۆر | ٣ | ٣,١٥ | سێیەم |
| زۆر | ١٢ | ١٢,٦٣ | دووەم |
| ناوەند | ٦٨ | ٧١,٥٧ | یەکەم |
| لاواز | ١٢ | ١٢,٦٣ | دووەم |
| زۆر لاواز | ٠ | ٠ | چوارەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٨ | |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١٨- سوودوەرگرتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان:

بەپێی وەلامی مشـــتەی توێژینەوە دەرکەوێت کە بۆ ســـودوەرگرتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکان لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان وەڵامی ناوەند زۆررترین ریچژەی هێناوە ٤٦,٣١ / ئەمەش دەری دەخات کە زۆر ســـود لە تورە کۆمەڵایەتیەکان وەرناگرن، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٨) دایە.

**خشتەی (١٨)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ سودوەرگرتن لە تورە کۆمەڵایەتیەکان**

| سوودی تۆڕەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| یەکجار زۆر | ٨ | ٨,٤٢ | سێیەم |
| زۆر | ٣٦ | ٣٧,٨٩ | دووەم |
| ناوەند | ٤٤ | ٤٦,٣١ | یەکەم |
| لاواز | ٤ | ٤,٢١ | چوارەم |
| زۆر لاواز | ٣ | ٣,١٥ | پێنجەم |
| کۆ | ٩٥ | ٩٩,٩٨ | |

١٩-بەکارهێنانی جۆری تورە کۆمەڵایەتیەمان

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوە دەرکەوێت کە بەکارهێنانی جۆری توری کۆمەڵایەتی فیسبوك زۆرترین رێژەی بەدەستهێناوە، بەرێژەی ٢٧,٧١ ، زانیاری زیاتر لە خشتەی (١٩) دایە.

**خشتەی (١٩)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ بەکارهێنانی جۆری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان**

| تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان | دوبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| توری کۆمەڵایەتی فەیسبوك | ٦٩ | ٢٧,٧١ | یەکەم |
| توری کۆمەڵایەتی تویتەر | ٣٣ | ١٣,٢٥ | پێنجەم |
| توری کۆمەڵایەتی گۆگل | ٥٤ | ٢١,٦٨ | دووەم |
| توری کۆمەڵایەتی یوتیوب | ٥١ | ٢٠,٤٨ | سێیەم |
| توری کۆمەڵایەتی ئنستگرام | ٤٢ | ١٦,٨٦ | چوارەم |
| کۆ | ٢٤٩ | ٩٩,٩٩ | |

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص ١٤٢-١٦٤
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٢٠ - کاریگەری مەعریفی و ویژدانی و رەفتارەکان:

بەپێی وەڵامی مشـــتەی توێژینەوە دەردەکەوێت کە لەکاریگەرییە ڕەفتارییەکاندا زۆرترین ڕێژە هەڵبژاردەی گەڕان بەدوای هەواڵ و زانیارییە لەو تۆڕەکۆمەڵایەتیانەی کە سـەرچاوەی سـەرەکی نین لای ڕۆژنامەنوس بە ڕێژەی ٥٦,٠٩، دوای ئەویش لەکاریگەرییە ویژدانیەکاندا هەڵبژاردەی هەواڵەکان هەمەجۆرن زۆرترین ڕێژەی هێناوە ٢٢,١٠ یە، زانیاری زیاتر لە خشـتەی (٢٠) دایە.

**خشتەی (٢٠)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ کاریگەرییە مەعریفی و ویژدانی و رەفتارییەکان**

| کاریگەری مەعریفی | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنم بەتایبەت هەواڵیەکان؟ | ٦٠ | ٣٥,٧١ | سێیەم |
| وام لێدەکات خێرا موتابەعەی روداوەکان بکەم | ٦٠ | ٣٥,٧١ | سێیەم |
| تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنم کاتێك کاتم نەبێت بۆ راگەیاندنی تەقلیدی | ٤٨ | ٢٨,٥٧ | حەوتەم |
| **کاریگەری ویژدانی** | | | |
| بەموتابعەکردنم بۆیان ئاگایەکی خێرا ئەبم بۆ رووداوەکان | ٦٠ | ٢١,٠٥ | سێیەم |
| بینینی هەواڵی تۆڕەکان وام لێ دەکات سەیری راگەیاندنی تەقلیدی بکەم بۆ وردەکاریەکان | ٥٧ | ٢٠ | چوارەم |
| هەواڵەکانی هەمەجۆرن | ٦٣ | ٢٢,١٠ | دووەم |
| تۆڕەکانم پێ باشترە بەتایبەت تۆری هەواڵی | ٥١ | ١٧,٨٩ | شەشەم |
| بۆ وردەکاری هەواڵی زیاتر موتابعەی تۆرە کومەڵایەتیەکان ئەکەم | ٥٤ | ١٨,٩٤ | پێنجەم |
| کۆ | ٢٨٥ | ٩٩,٩٨ | |
| **کاریگەری ڕەفتاری** | | | |
| دەگەڕێم بۆ هەواڵ لەو تۆڕانەی کە سەرچاوەی سەرەکیم نین | ٦٩ | ٥٦,٠٩ | یەکەم |
| گفتوگۆی ئەکەم لەگەڵ هاوڕێکانم و بەشداربوان | ٥٤ | ٤٣,٩٠ | |
| کۆ | ١٢٣ | ٩٩,٩٩ | کۆ |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٢١- بابەتە بەشداربووەکان:

بەپێی وەلامی مشتەی توێژینەوەکە دەرەدەوێت کە بەشداربون لە بابەتی کۆمەڵایەتی زۆرترین ریژەی بەدەست هێناوە ١٨,٨٨ یەو دوای ئەویش سیاسی یە بە رێژەی ١٧,٤٨ یە و دوای ئەویش رۆشنبیرییە بە ریچژەی ١٤,٦٦، لێرەدا وا دەرەکەوێت کە بڵاوکردنەوە بابەتی کۆنەڵایەتی جێی سەرنجی رۆژنامەنوسانە، زانیاری زیاتر لە خشتەی ( ٢١) دایە.

**خشتەی (٢١)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بە پێی بابەتەبەشداربووەکان**

| بابەتەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | ٥٠ | ١٧,٤٨ | دووەم |
| ئاینی | ١٨ | ٦,٢٩ | پێلجەم |
| کۆمەڵایەتی | ٥٤ | ١٨,٨٨ | یەکەم |
| رۆشنبیری | ٤٢ | ١٤,٦٦ | سێیەم |
| وەرزشی | ٢١ | ٧,٣٤ | چوارەم |
| ئابووری | ٩ | ٣,١٤ | هەشتەم |
| تەندروستی | ٩ | ٣,١٤ | هەشتەم |
| فێرکاری | ١٨ | ٦,٢٩ | پێلجەم |
| هونەری | ١٥ | ٥,٢٤ | شەشەم |
| گەنجانە | ١٢ | ٤,١٩ | حەوتەم |
| وێنە | ١٢ | ٤,١٩ | حەوتەم |
| کاریکاتێر | ٨ | ٢,٧٩ | نۆیەم |
| تەنز | ١٨ | ٦,٢٩ | پێنجەم |
| کۆ | ٢٨٦ | ٩٩,٩٢ | |

٢٢-پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆرِمکۆمەڵایەتیەکان:

بەپێی وەلامی مشـــتەی توێژینەوە دەرەکەوێت کە هەلچبژاردەی پالچنەری بەکارهێنان وەکو حەز زۆرترین رێژەی هێناوە ١٩,٠٤ ، دوای ئەویش پالچنەری بۆ کاروپیشە بەکاریدێنن بەرێژەی ١٧,٤٦ ، هێناوە زانیاری زیاتر لەخشتەی (٢٢) دایە.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٢٢)**

**وەڵامی مشتەی تویچژینەوە بەپێی پاڵچنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکان**

| پاڵنەرەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| حەزی خۆمە | ٣٦ | ١٩,٠٤ | یەکەم |
| کاتبەسەربردن | ٢٤ | ١٢,٦٩ | چوارەم |
| وەکو خەڵك | ٣ | ١,٥٨ | هەشتەم |
| ڕاکردن لە کێشەکانی ژیان | ٩ | ٤,٧٦ | حەوتەم |
| سوود وەرگرتن لە زانیاری | ٣٠ | ١٥,٨٧ | سێیەم |
| بۆ بوارەکەم سوود وەردەگرم | ٣٣ | ١٧,٤٦ | دووەم |
| بۆ وەرگرتنی هەواڵی نوێ | ٢١ | ١١,١١ | پێنجەم |
| سوود وەرگرتن لەو زانیاریەی هەمە | ١٢ | ٦,٣٤ | شەشەم |
| بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە | ٢١ | ١١,١١ | پێنجەم |
| کۆ | ١٨٩ | ٩٩,٩٦ | |

٢٣- سوودەکانی تۆرەکان لە بوارەکەتدا

بەپێی وەلامی مشتەی توێژینەوە دەرکەوتووە کە هەڵبژاردەی سودی پرکردنەوەی پێداویستی بۆ پیشەی رۆژنامەنوسی زۆرترین رێژەی بەدەستهێناوە ٢٢,٢٢، دوای ئەویش بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رۆژنامەنوسانیتر سودی لێوەردەگرن بەرێژەی ١٧,٤٦، کەواتە رێگەیەکی باشە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوانیان و سودوەرگرتن بۆ کارو پیشە، زانیاری زیاتر لە خشتەی (٢٣) دایە.

**خشتەی (٢٣)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ سودەکانی تۆرەکان لە بواری رۆژنامەنوسیدا**

| سوودی تۆڕەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| پرکردنەوەی پێداویستیەکانی پیشەکەم | ٤٢ | ٢٢,٢٢ | یەکەم |
| زانینی هەواڵی نوێ | ٢٧ | ١٤,٢٨ | سێیم |
| دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان | ٣٣ | ١٧,٤٦ | دووەم |
| پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان | ٢٤ | ١٢,٦٩ | چوارەم |
| وەرگرتنی زانیاری بۆ کارکردن | ١٨ | ٩,٥٢ | پێنجەم |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ زیاترکردنی لێهاتووی پیشەکەم | ٩ | ٤,٧٦ | شەشەم |
| یارمەتیم دەدات لەدروستکردنی ڕاو شیکردنەوەی ڕوداوەکان | ٩ | ٤,٧٦ | شەشەم |
| بیستنی هەواڵی نوێ | ٢٧ | ١٤,٢٨ | سێیەم |
| کۆ | ١٨٩ | ٩٩,٩٧ | |

٢٤- وەرگرتنی زانیاری لە پەیجی تۆڕەکۆمەڵایەتیان وەردەگریت

ببەپێی وەلامی مشتەی توێژینەوە دەرەکەوێت کە زیاتر رۆژنامەنوسان پشت بە پەیجی تورە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکان دەبەستن کە زۆرترین ریژەیان هێناوە ٢٧,٢٧ دوای ئەویش پشت بە حکومیەکان دەبەستن بەرێژەی ٢٥% بیچگومان ئەمەش دیارە زیاتر ئەوان جیچی متمانەن، زانیاری زیاتر لە خشتەی (٢٤) دایە.

**خشتەی (٢٤)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری**

| سوودی تۆڕەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| پەیجی هونەرمەندان | ٩ | ٦,٨١ | پێنجەم |
| سیاسیەکان | ٣٦ | ٢٧,٢٧ | یەکەم |
| حکومیەکان | ٣٣ | ٢٥ | دووەم |
| حزبەکان | ٢١ | ١٥,٩٠ | سێیەم |
| کۆمپانیاکان | ٩ | ٦,٨١ | پێتجەم |
| وەرزشیەکان | ٣ | ٢,٢٧ | حەوتەم |
| کۆمەڵایەتیەکان | ١٥ | ١١,٣٦ | چوارەم |
| ماس میدیا | ٦ | ٤,٥٤ | شەشەم |
| کۆ | ١٣٢ | ٩٩,٩٦ | |

٢٥- کێشاکان دێتە پێش لەپشتبەستن بەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەدروستکردنی هەواڵدا:

بەپێی وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە دەرەکەوێت کە هەڵبژاردەی نادیاری سەرچاوە سەرەکیترین کێشەیە و زۆرترین رێژەی هێناوە ٣٧,٥ و دوای ئەویش نارونی پاڵپشتی پەیجەکان بەرێژەی ٢٧,٠٨، ئەمەش کێشەیە کاتێك سەرچاوە دیار نەبێت ئەو زانیارییە لەکوێوە هاتووە، زانیاری زیاتر لە خشتەی (٢٥)دایە.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٢٥)**

**وەڵامی مشتەی توێژینەوە بە پێی هاتنە پێشی کێشەکان**

| کێشەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| نادیاری سەرچاوە | ٥٤ | ٣٧,٥ | یەکەم |
| زۆری روداوەکان | ٢١ | ١٤,٥٨ | چوارەم |
| زۆری پەیجەکان | ٣٠ | ٢٠,٨٣ | سێیەم |
| ناڕوونی لەپاڵپشتی پەیجەکان | ٣٩ | ٢٧,٠٨ | دووەم |
| کۆ | ١٤٤ | ٩٩,٩٩ | |

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

لەکۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە گەیشتە چەند دەرئەنجامێك:

١-زۆرترین رێژەی بەشداربوانی ڕۆژنامەنوسان وەك مشتەی توێژینەوە لە ڕەگەزی نێرن.

٢- زۆرترین رێژەی بەشداربوانی ڕۆژنامەنوسان وەك مشتەی توێژینەوە دەرچوی بەکالۆریۆسن و بروانامەی باڵا کەمە لەو بوارەدا.

٣-لەو ڕێژەیەی مشتەی توێژینەوە هەموی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنن زۆرترینیان تۆڕی کۆمەڵایەتی فیسبوکە.

٦-زۆرترین سودەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری یە بەگشتی.

٦-زۆرترین بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان وەکو سەرچاوە ئاستی ناوەندە.

٧-هۆکاری موتابەعەکردنی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان ئەوەیە بەئاسانی پێی دەگەن.

٨-هۆکاری راستگۆنەبون لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵ ئەوەیە کە بەناڕاستی بڵاودەکەنەوە.

٩-هۆکاری موتابەعەنەکردنی زانیاری و هەواڵ لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئەوەیە بەدواداچون کەمە.

١٠-زۆرترین بەکارهێنانی ڕۆژنامەنوسان بۆ تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆ بوارەکەو کاروپیشەکەیانە.

١١-رادەی متمانەبون بە ناوەرۆکەکەی ئاستی ناوەندە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.6

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**پێشنیار:**

١-بۆ وەرگرتنی زانیاری رۆژنامەنوسان دڵنیابن لەزانیارییەکان و لەسەرچاوەی سەرەکیەوە دڵنیایی لێبکەنەوە.

**ڕاسپاردە:**

٣-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بەها لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.

٤-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر شیکاری بۆ ئەژماری رۆژنامەنوسان.

**سەرچاوەکان:**

1. محمد منير حجاب، (الدكتور) أساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية، دار الفجر لنشر والتوزيع، ط٣ ،القاهرة، ٢٠٠٦.
2. سابير بۆکانی، دکتور، میتودی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ وبڵاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی–هەرێمی کوردستان،٢٠١٦.
3. محفوظ جودة، اساليب البحث العلمى فى ميدان العلوم الادارية، دار زهران لنشروالتوزيع، عمان-الاردن، ١٩٩٧.
4. محمد منير حجاب، (الدكتور) نظريات الاتصال، دار الفجر للنشر، القاهرة،٢٠١٠.
5. حسن عماد مكاوى (الدكتور) ، ليلى حسين السيد، (الدكتور) الاتصال ونظرياته المعاصرة، دار المصرية للبنانية، ط ١١، القاهرة، ٢٠١٤.
6. محمد عبدالحميد، (الدكتور) نظريات الاعلام واتجاهات التاثير ،عالم الكتب، القاهرة،٢٠٠٤
7. فلاح سلامة حسن، استخدام القائم بالاتصال في الصحافة الفلسطينية للشبكات التواصل الاجتكاعي والاشباعات المتحققة، القاهرة، ٢٠١٥ .
8. جەمال عبدول، فەرهەنگی راگەیاندن ،سلێمانی ٢٠٠٦ .
9. یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠١٣هەرێمی کوردستان – عێراق.
10. عاطف عدلي العبيد، (الدكتور) مدخل الى الاتصال والراى العام، دار الفكر العربي ،١٩٩٨.
11. فلاح كاظم المحنة، (الدكتور) علم الاتصال بالجماهير –الافكار –نظريات-انماط، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع ،عمان،٢٠٠١.
12. ماجد راغب الحلو، (الدكتور) حرية الاعلام والقانون، المعاريف الاسكندرية، ٢٠٠٦
13. احمد البريدى، حرية الصحافة،بحث العلمى القانونى، سوريا. ١٩٩٩.